**د. محەمەد حسێن‌زادە: شەڕی ئوکراینا، ڕەنگدانەوەی ململانێ، پێشبڕکێ و کێبڕکێی وڵاتانی زلهێزە**




**د. حسێن‌زادە دەڵێت: "لە دوای شەڕی ئوکراینا ڕەنگە بەرەی دژە هەژموونەکان کە خوازیاری جیهانی چەند جەمسەرین، بەتایبەت بەرەی پەکین- مۆسکۆ- تاران و لەوانەیە کۆریای باکوور زیاتر لێک نزیک ببنەوە. بەڵام بەو حاڵەش و سەرەڕای هەموو ئەو باسانە کە سەبارەت بە لاوازبوونی پێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکرێت، واشنتۆن هێشتا لە ڕووی هێزی پێکهاتەیی واتە هێزی سەربازیی، ئابووری، کلتووری- ئایدۆلۆژی و پیشەسازییەوە لە بەراورد لەگەڵ ڕکابەرەکانی باڵادەستە و توانای سزادان و تەمێکردن یاخود هاندان و قەناعەتپێهێنانی هێندە فراوانە کە دەتوانێت چ بە چێز و چ بە چز بۆ هەموو رکابەران کێشەساز بکات و بۆ ماوەیەکی زیاتر درێژە بە ڕۆڵی خۆی وەکو زلهێزی باڵادەستی جیهان بدات. هەر ئەوەی کە لە ئێستادا هیچ کێشەیەک لە جیهاندا نییە کە بەبێ بەشداری یاخود بڕیاری ئەمریکا چارەنووسی یەکلا ببێتەوە، نیشانەی ئەو هێزە بەرفراوانەیە."**

**بەشی یەکەم**

◆ **قەندیل پریس:** سڵاو و ڕێز دوکتۆر حسێنزادە، سپاستان دەکەین کە ئەم وتووێژەتان لەگەڵ قەندیل پریس قەبووڵ فەرموو، وەکوو پرسیاری یەکەم لە بەڕێزتان، هەروا کە دەزانن هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا بووەتە ڕۆژەڤی جیهان، بە ڕای ئێوە ڕووسیا بۆ هێرشی کردە سەر ئۆکراینا؟

▼ **د. حسێنزادە:** سڵاو و ڕێز بۆ بەڕێزتان و هاوڕێیانی قەندیل پریس و زۆر سپاس ئەو دەرفەتەتان بە من دا. دیارە سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەو هێرشە ڕوانگە و بیروبۆچۆنی جیاواز خراونەتە ڕوو. لە دیکتاتۆریەت و فراوانخوازی پۆتینەوە بگرە کە ڕوانگەی درونشیکارییە تا هەوڵی دەسەڵاتدارانی مۆسکۆ بۆ پەراوێزخستنی کێشە ناوخۆییەکانی تا ئیرادەی پۆتین بۆ دەستگرتن بەسەر ئەورووپا و بەراوردکردنی لەگەڵ هیتلەردا. ڕەنگە هەر یەک لەوانە پشت بە هەندێ بەڵگە ببەستن. بە بۆچوونی من ڕوانگە پێکهاتەیی یان ستراکتۆرییەکانی پەیوەندییە نیونەتەوەییەکان بە باشتر دەتوانن ئەو شەڕە شرۆڤە بکەن.

شەڕی ئوکراینا و ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات، ڕەنگدانەوەی ململانێ، پێشبڕکێ و کێبڕکێی وڵاتانی زلهێزە. کێبڕکێی وڵاتانی زلهێز لە مێژوودا بەردەوام تراژیدیای لێ کەوتووەتەوە. لەم نموونەیەدا هۆکاری سەرەکی ئەو تراژیدیایە پەرەسەندن و پەلهاوێشتنی زیاتری ناتۆ و ئیرادەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە بۆ هاوسنووربوون لەگەڵ وڵاتی ڕووسیا و لەبەرامبەردا هەستکردنی ڕووسیا بەمەترسی بۆ سەر بەرژوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی بوو.

دەزانین کە پەرەسەندنی ناتۆ پرسێکی تایبەت بە دوێنێ و ئەمڕۆ نییە، بەڵکو پرسێکە کە لانیکەم دوو دەیە بووەتە هۆی مشتومڕ و ناکۆکی نێوان ڕووسیا و ئەندامانی ڕێکخراوی ناتۆ. ئەوەش شتێکی ئاساییە، چونکە فەلسەفەی دامەزرانی ناتۆ لە ساڵی ١٩٤٩ هەر لە بنەڕەتدا بەرەنگاربوونەوەی یەکێتی سۆڤیەت بوو، هەر بەو جۆرەی هاوپەیمانێتی ڤارشۆ لە ساڵی ١٩٥٥ لە دژی ڕێکخراوی ناتۆ و وڵاتانی ڕۆژاوا دامەزرا. دوای شەڕی سارد و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانێتی ڤارشۆ و سەرهەڵدانی هەژموونی ئەمریکا لە جیهاندا، ڕێکخراوی ناتۆ هێدی هێدی پەرەی سەند، بەتایبەت زۆرێک لەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپای کردە ئەندام کە پێشتر هاوپەیمانی ڤارشۆ و لەژێر هەیمەنەی ڕووسیادا بوون. ڕووسیا بە هۆی ئەوەی کە لەبەراورد لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت وڵاتێکی لاواز بوو و تووشی قەیران و کێشەی ناوخۆیی ببووەوە، ئەگەرچی بەردەوام ڕەخنەی لە پەلهاوێشتنی ناتۆ دەگرت، بەڵام بە کردەوە توانای ڕێگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی نەبوو. بۆیە سەرەڕای بەئەندامبوونی وڵاتانێکی وەکو کۆماری چیک، پۆلۆنیا، ئەستۆنیا، بولگاریا، لیتۆنی، لیتڤانیا، ڕۆمانی، سلۆڤاکی، سلۆڤۆنی، بەڵام ڕووسیا لە زۆر بابەتی تردا لەگەڵ ناتۆ هاوکاریی کرد. کورد وتنی، دەستێکی ماچ دەکرد کە بۆی نەدەشکا!

بەڵام ساڵی ٢٠٠٨ ئەو کاتەی ئەندامانی ڕێکخراوی ناتۆ بڕیاریان دا دوو وڵاتی ئوکراینا و جۆرجیا وەکو ئەندامی نوێ وەربگرن، ڕووسیا کاردانەوەی توندی نواند. هەر ئەو کات ئاشکرا بوو کە ڕووسیا ئامادە نابێت بە ئاسانی دان بە ئەندامبوونی ئەو دوو وڵاتەدا بنێت. پۆتین بەئاشکرا باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر ئوکراینا ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات، ئەوا کۆتایی بە خۆی هێناوە. ئەو هەڵویستە هێندە توند بوو کە وڵاتانی فەرەنسا و ئەڵمانیای نیگەران کرد و لەو کاتەدا ڕازی بە ئەندامبوونی ئەو دوو وڵاتە بە خێرایی نەبوون. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی شەڕی ڕووسیا لە دژی جۆرجیا و داگیرکردنی ناوچەکانی ئوسیتیای

باشوور و ئابخازیا لە ساڵی ٢٠٠٨ هەر ئەوە بوو. هەر لەو کاتەوە پرسی ئوکراینا هەم بۆ ناتۆ و هەم ڕووسیا وەکو پرسێکی ستراتیژیک فۆکۆسی خرایە سەر .

لەو ماوەیەدا وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا هەوڵیان دا ئوکراینا ببەنە بەرەی خۆیان و لە گۆڕینی دەسەڵاتی کییڤ لە ساڵی ٢٠١٤ دەستیان هەبوو کە بە شۆڕش ناساندیان، ئەوەش کاردانەوەی ڕووسیای لێ کەوتەوە کە بە کودەتا ناوی برد. بەو شێوە ئوکرانیا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بووە شوێنی چڕبوونەوەی ململانێکان. لە لایەکەوە یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ لە هەموو ڕوویەکەوە هەوڵی یارمەتیدانی ئوکراینا و بەڕۆژاواییکردنی ئەو وڵاتەیان دەدا و لەلایەکی ترەوە ڕووسیا هەوڵی دا ڕێگری لە بەئەندامبوونی ئەو وڵاتە لە ناتۆ بکات. پۆتین پێشنیاری پێدانی ١٥ ملیارد قەرز و فرۆشتنی گازی هەرزانتر بەو وڵاتەی دا لە بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی هاوکاریی کێیف لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا، بەڵام پێشنیارەکەی ڕەت کرایەوە و ئەویش کریمەی داگیر کرد. دوای ئەوە کە ناکۆکییەکان بەربڵاوتر بوونەوە، پۆتین لە لایەکەوە هەوڵی دا لە ڕێگای ئەڵمانیاوە زلنێسکی ڕازی بە ڕیفراندۆم لە ناوچەی دۆنباس بکات و لەلایەکی ترەوە بە شێوەی سەربازی دەستێوەردانی ئەو ناوچانەی دەکرد. گفتوگۆکان نەگەیشتنە ئەنجام و دەرئەنجام ئەم شەڕەی لێکەوتەوە.

ئەوە سەرەکیترین هۆکاری هەڵگیرسانی ئەو شەڕە بوو. هەڵبەت دیارە لە ڕووی ئەخلاقیی و یاسای نێودەوڵەتییەوە ئوکراینا وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ مافی خۆیەتی کە چۆن بڕیار لەسەر هاوپەیمانان و سیاسەتی دەرەکی و چۆنیەتی دابینکردنی ئاسایشی خۆی بدات، بەڵام سیاسەتی نێونەتەوەیی بەو جۆرەی کە زۆر کەس چاوەڕوان دەکەن، گۆڕەپانی جێبەجێکردنی بنەما ئەخلاقییەکان نییە و هەرگیزیش نەبووە، هەر کاتیش دەوڵەتەکان ناچار بووبێتن لە نێوان بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان و پێڕەویکردن لە یاسای نێونەتەوەیی یەکیان هەڵبژێرن، بێ دوودڵی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆیان هەڵبژاردووە. ڕەنگە کەسانێک لە دەرەوە هەبن بە چاویلکەی ئەخلاقی- یاسایی بڕواننە سیاسەتی نێونەتەوەیی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە پۆتین و بڕیاردەرانی ڕووسیا وەکو باقی وڵاتانی زلهێز بە دیدی ئەخلاقی سەیری جیهان ناکەن. بڕیاردەرانی مۆسکۆ پێیان وایە کە بەئەندامبوونی ئوکراینا لە ناتۆ و هاوسنووربوونی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ وڵاتەکەیان بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانیان دەخاتە مەترسییەوە و نابێ بە هیچ جۆرێک ڕێگا بەو کارە بدەن. ئەمەیان چەندین جار پێشتریش ڕاگەیاندبوو. تەنانەت بیرمەندانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە پێشنیاری جۆراوجۆریان خستە ڕوو کە ئەمریکا لەبەرانبەر ئوکراینا نەرمی بنوێنێت، چونکە قەیرانی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. بۆیە، ئێستاش ئەو شەڕە بە هەڵەی ستراتیژیکی ئەمریکا ناوزەد دەکەن .

بەهەر حاڵ بۆچوونی بڕیاردەرانی ڕووسیا ئەوەیە کە ناتۆ تا ئێستاش زێدە لە ڕادەی پێویست پەلی هاوێشتووە و ئەوە بۆ ئاسایشی ڕووسیا مەترسیدارە و دەبێ سنوورێکی بۆ دابنرێت. ئەوان ئاماژە بە هەڵوێستی ئەمریکا دەکەن کاتێک یەکێتی سۆڤیەت هەوڵی دا لە کۆبا مووشەک جێگیر بکات، بەڵام واشنتۆن هەڕەشەی دەستپێکردنی شەڕی ئەتۆمی کرد. بڕیاردەرانی ڕووسیا ئاماژە بە پلانەکانی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا دەکەن. بۆ نموونە، پۆتین بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات کە سیستەمە دژە مووشەکییەکانی ناتۆ لە ڕۆمانیا و کۆماری چیک و بەشێکیان لەسەر کەشتییەکان لە ڕووی دەریاکان، هەڕەشەن بۆ هاوسەنگی هێزی جیهانی. مەبەستی ئەوەیە کە ئەو سیستەمانە دەتوانن مووشەکە ئەتۆمییەکانی ڕووسیا لە شەڕێکی گریمانەیی لەگەڵ ئەمریکا لە داهاتوودا پووچەڵ بکەنەوە و بەو شێوەیە ڕووسیا توانای تۆڵەکردنەوەی خۆی لە داهاتوودا لەدەست بدات، بۆیە بە ئاسانی دان بە ئەندامێتی ئوکراینا لە ڕێکخراوی ناتۆ نانەن. ئەمە چوارچێوەیەکە بۆ

لێکدانەوەی هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە، دیارە باقی هۆکارەکان و لەوانە ملهۆڕی و مەیلی دیکتاتۆرانەی پۆتین و ئاواتی پەلهاوێشتنی بۆ دەرەوەی سنوورەکان ڕەنگە گڕی شەڕەکە بگەشێننەوە، دەبێ ئەوە بسپێرین بە داهاتوو .

◆ **قەندیل پرێس:** بە ڕای ئێوە ئەم شەڕە چ کاریگەریەکی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێت؟ لە دوای کۆتایی ئەم شەڕە، جیهان تاکە جەمسەر دەمێنێتەوە یان چەند جەمسەر دەبێت؟

▼ **د. حسێنزادە:** پێم وایە گرنگترین کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەتوانێت هەر لەسەر جەمسەربەندییەکان لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا بێت کە لە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان ئاماژەتان کردووە. بەڵام من وەکو دەستپێک نایگرم بەڵکو ئەو شەڕەش وەکو بەشێک لە هەوڵەکانی پێشوو بۆ جەمسەربەندی نوێ لە جیهاندا دەبینم. سەرەتا سەبارەت بە جەمسەربەندی جیهان پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە ئەگەر دەستپێکی سیستەمی نێونەتەوەیی ئێستا کە بە سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەر دەناسرێتەوە ساڵی ١٦٤٨ واتە کاتی ئیمزاکردنی پەیماننامەی وێستفالیا دابنین، سیستەمی جیهانی لە زۆربەی قۆناغەکاندا سیستەمی چەند جەمسەریی بووە. سەرەتا چەندین ئیمپراتوریەتی بەهێز وەکو فەرەنسا، بەریتانیا، ڕووسیا، عوسمانی، نەمسا-هەنگاریا و دواتر پرۆس/ ئەڵمانیا و ئیتالیا دەبینین کە هەر یەک لەوانە جەمسەرێکە و سیستەم تا رادەیەکی زۆر هاوسەنگە و بە هاوسەنگی فرە جەمسەری دەناسرێتەوە. لەو سیستەمەدا زۆربەی هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی سیستەمی تاک جەمسەری شکستیان هێناوە. بۆ نموونە ناپلیۆنی فەرەنسا و ئەڵمانیای هیتلەر شەڕی بەدەستهێنانی هەژموونی ئەورووپا و جیهانییان کرد، بەڵام تێک شکان. دوای جەنگی جیهانی دووەمیش نە واشنتۆن و نە کرێملین نەیانتوانی ببنە هەژموونی جیهانی، بەتایبەت چەکە ئەتۆمییەکان ڕێگر بوون لە هەژموونی هەر دوو لا، بۆیە سیستەمی سەردەمی شەڕی سارد بە سیستەمی دو جەمسەری دەناسرێتەوە. ئەگەرچی ئەمریکا لە زۆر بواردا باڵادەست بوو، بەڵام هەژموون نەبوو.

دوای داڕووخانی دیواری بەرلین و دواتر هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بوو کە ئەمریکا بووە هەژموون و تاقە جەمسەری شانۆی سیاسەتی جیهان. لەڕاستیدا سیستەمی هەژموونی بۆ جیهان سیستەمێکی نامۆیە و زۆرێک لە بیرمەندان هەر لە سەرەتاوە ڕایانگەیاند هەژموونی ئەمریکا دیاردەیەکی کاتیی دەبێت، لەبەر ئەوەی کە باقی وڵاتان هەوڵی هەمووارکردنەوەی ئەو سیستەمە دەدەن. ئەوە خسڵەتی هەمیشەیی سیستەمی نێونەتەوەییە کە بە ئاسانی دان بە هەژمووندا نانێت و زۆر ئاساییە و ساڵانێکی زۆریشە بە کردەوە هەوڵ بۆ کۆتاییهێنان بە سیستەمی تاک جەمسەری دەدرێت، بگرە زۆر کەسیش پێیان وایە هەر ئێستا سیستەمی جیهان سیستەمی چەند جەمسەرییە. لانیکەم لە ڕووی ئابوورییەوە بەڵگەی زۆریان لەبەردەستە .

بە بڕوای من شەڕی ئوکرانیا وەکو خاڵی دەستپێک یان وەرچەرخان نییە کە دوای ئەوە جیهان بەرەو چەند جەمسەری ببات یاخود نا، هەروا کە وتم ئەو شەڕە دەتوانێت ئەو هەوڵانە چڕتر بکاتەوە. بۆ نموونەی ڕێکخراوی شانگهای کە لە کۆتایی نەوەدەکان وەکو گرووپێک سەری هەڵدا و لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا وەکو ڕێکخراوێکی فەرمی دامەزرا و بە ناتۆی ڕۆژهەڵات ناوبانگی دەرکرد و ئێستاش بە هیوایە بە پاڵپشتی هێزی سەربازی ڕووسیا و هێزی ئابووری چین کۆتایی بە هەژموونی ئەمریکا بێنن، زەقترین نموونەی هەوڵەکانە بۆ چەسپاندنی چەند جەمسەری. لە ناو شارەزایانی کاروباری نێونەتەوەییدا نوکتەیەک

هەیە کە دەڵێن هەرکات ڕابەرانی ڕووسیا، چین و ئێران پێکەوە کۆ دەبنەوە هیچیشیان نەبێت لانیکەم هەر باس لە کۆتاییهاتنی سیستەمی تاک جەمسەری دەکەن! بۆیە شەڕی ئوکرانیا بەشێکە لەو هەوڵانە و دەتوانێت ململانێکان چڕتر بکاتەوە. لەبیرمان نەچێت ئەم شەڕە دەبێتە هۆی پێشوازی زیاتر لە تیۆری و بیروبۆچوونەکانی کەسانێکی وەکو ئەلیکساندەر دوگین کە بە ڕاوێژکاری پۆتین دەناسرێت. دۆگین بە ئاشکرا دژایەتی سیستەمی تاک جەمسەری جیهان و لیبرالیزمی ڕۆژاوا دەکات و هەر ئێستاش خوازیاری یەکخستنەوەی هەموو ڕووس زمانەکانی ناوچەیە لە ناو خاکی ڕووسیا. دوگین ئەو مامۆستایە ناسیونالیستەی زانکۆ بوو کە دوای داگیرکردنی کریمە خوازیاری کۆمەڵکوژی دژبەران لە ئوکراینا بوو، ئێستاش لە لیستی ڕەشی ئەورووپا و ئەمریکادایە. بۆیە زۆربەی ئەو کەسانە کە پێیان وایە پۆتین دەیەوێت جیهان بگرێت و لەگەڵ هیتلەر بەراوردی دەکەن ئاماژە بەوە دەکەن کە داگیرکردنی ئوکراینا هەنگاوی یەکەمی پراکتیزەکردنی بیروبۆچوونەکانی دۆگینە .

وەکو کۆبەند دەمەوێت بڵێم، لە دوای شەڕی ئوکراینا ڕەنگە بەرەی دژە هەژموونەکان کە خوازیاری جیهانی چەند جەمسەرین، بەتایبەت بەرەی پەکین- مۆسکۆ- تاران و لەوانەیە کۆریای باکوور زیاتر لێک نزیک ببنەوە. بەڵام بەو حاڵەش و سەرەڕای هەموو ئەو باسانە کە سەبارەت بە لاوازبوونی پێگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکرێت، واشنتۆن هێشتا لە ڕووی هێزی پێکهاتەیی واتە هێزی سەربازیی، ئابووری، کلتووری- ئایدۆلۆژی و پیشەسازییەوە لە بەراورد لەگەڵ ڕکابەرەکانی باڵادەستە و توانای سزادان و تەمێکردن یاخود هاندان و قەناعەتپێهێنانی هێندە فراوانە کە دەتوانێت چ بە چێز و چ بە چز بۆ هەموو رکابەران کێشەساز بکات و بۆ ماوەیەکی زیاتر درێژە بە ڕۆڵی خۆی وەکو زلهێزی باڵادەستی جیهان بدات. هەر ئەوەی کە لە ئێستادا هیچ کێشەیەک لە جیهاندا نییە کە بەبێ بەشداری یاخود بڕیاری ئەمریکا چارەنووسی یەکلا ببێتەوە، نیشانەی ئەو هێزە بەرفراوانەیە.

تێلێگرام @QENDILPRESS:

تویتێر @QANDILPRESS:

فەیسبووک www.facebook.com/Qandilpress1:

ئینستاگرام:qandilpress